https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بەسەنتەرکردنی چەمکی "مەعشووق" و چەمکی "ئەویتر"

## لەناو جیهانبینیی "مەحوی" و "ئیمانۆئێل لڤیناس"دا

پ. ی. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)

زانکۆی سۆران_فاکەڵتیی ئاداب

Sirwan.amin@soran.edu.iq

**پوختە:**

عیرفـان جیهـانبینییەکی عەشـقانەیە و لە چەقـی ئەم جیهانبینییەشـدا مەعشـووق بـوونی هەیە، واتە مەعشـووق سـەنتەرە. لەم ڕوانگەیەوە کۆی کاری بوون و گەردوون بریتییە لە جۆرێک ئەویندارى و هەوڵێکی جیدی و لێنەبڕاوە بۆ گەیشتن بە مەعشووق و لە بەرانبەردا ئەوە مەعشـووقە کە حەقیقەتی ڕەهایە و بوون و بەها بە هەموو شتێک دەبەخشێت. مەحوی لە میـانەی شـیعرەکانیەوە وەکـو شـاعیرێکی عـاریف سـیفەت خۆیمـان پێدەناسێنێت و بە گشتی عەشق و عاشق و مەعشووقی ناو شیعرەکانی خاوەن سروشتێکی عیرفانین.

یەکێک لە چەمکە هەرە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئیمانۆئێل لڤیناسیش بـریتییە لە "ئەویتـر" و بە واتـایەکی تـر "ئەویتر"سـەنتەرە، واتە بـوونی ئاکـاریی "مـن" دەبەسـتێتەوە بە هەبـوونی ئەوەوە و لە هەمـان کاتـدا ئەم چەمکەش لە زۆر ڕووەوە خـاوەنی هەمـان تایبەتمەندیی مەعشـووقی نـاو دونیـای عیرفـانە. لەم تـوێژینەوەیەدا بە شـێوەیەکی بەراوردی، تیشـک دەخەینە سەر ڕووی لێکچوونی ئەم دوو چەمکە لەناو جیهانبینیی مەحوی و لڤیناسدا.

**وشە کلیلییەکان:** بەسەنتەرکردن، مەعشووق، ئەویتر، مەحوی، لڤیناس.

## بەسەنتەرکردنی چەمکی "مەعشووق" و چەمکی "ئەویتر"

## لەناو جیهانبینیی "مەحوی" و "ئیمانۆئێل لڤیناس"دا

### ١. پێشەکی

### ١.١. ناونیشانی توێژینەوە:

**ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ((بەسەنتەرکردنی چەمکی "مەعشووق" و چەمکی "ئەویتر" لەناو جیهانبینیی "مەحوی" و "ئیمانۆئێل لڤیناس"دا))، واتە کار لەسەر ناساندنی هەر دوو چەمکی "مەعشووق" و "ئەویتر" کراوە لەناو دونیای هزریی هەر دوو ناوبراو و دەستنیشانکردنی پێگەی ئەو چەمکانە لە جیهانبینیی ئەواندا.**

جیهانبینیی هەر دوو ناوبراو لەسەر بنەمای دوانەیەک دامەزراوە کە بەردەوام لە بەرانبەر یەکتردا بوونیان هەیە و بەردەوام بوونیان پەیوەستە بە یەکەوە، بەڵام بوونی ئەم دووە هاوتا نییە و بە پێچەوانەوە یەکێکیان سەنتەرە و ئەویتر پەراوێز، و لەم کاتەدا بوونی پەراوێز پەیوەست دەبێت بە بوونی سەنتەرەوە و سەنتەر بەها و پێگەی پەراوێز دیاری دەکات.

مەحوی لە شیعرەکانیدا خاوەن جیهانبینییەکی عیرفانییە و دوانەی ناو جیهانبینییەکەشی بریتییە لە عاشق و مەعشووق کە لە پرۆسەیەکی عاشقانەدا دەکەونە بەرانبەر یەک، بەڵام لەم پرۆسەیەدا مەعشووق سەنتەرە و عاشق پەراوێز، بۆیە بوونی عاشق پەیوەست دەبێت بە بوونی مەعشووقەوە و لە هەمان کاتدا مەعشووق بەها و پێگەی عاشق دیاریدەکات.

لڤیناس وەکو بیرمەندێکی سەردەمی نوێ، خاوەن فەلسەفەیەکی ئاکارییە و بنەمای سەرەکیی فەلسەفەکەی لەسەر هەر دوو چەمکی "هەمان[خود]" (Same) و "ئەویتر" (Other) دامەزراوە، لەم نێوەندەشدا ئەویتر سەنتەرە و هەمان پەراوێز، و بوونی ئەخلاقیی هەمان پەیوەستە بە بوونی ئەویترەوە.

لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵمانـداوە بەراوردێکـی ڕووی لێکچـوونی تێڕوانینـی هەر دوو ناوبراوان بکەین بۆ چەمکە دوانەکانیان و پرۆسەی بەسەنتەرکردن و تایبەتمەندییەکانی بوونە سەنتەرییەکە.

## ١.٢. گرنگیی و ئامانجی توێژینەوە:

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر بەراوردکردنی دوو سیستەمی هزریـی جیاواز دەکـات، یەکێـک لە ڕۆژهەڵات و ئەویتـر لە ڕۆژئاوا و لە هەمان کاتدا یەکێک لە چوارچێوەیەکی عیرفانی و ئەدەبی و ئەویتـر لە چوارچێـوەیەکی فەلسـەفی، بەمەش دەرگـایەکی نـوێ بـۆ خوێندنەوەیەکی نوێی شیعرەکانی مەحوی لە ڕووی هزری و مەعریفی دەکاتەوە.

## ١.٣. هۆی هەڵبژاردنی بابەت:

کارکردن لەسەر خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی بە پێودانگی تێڕوانین و تیۆر و فەلسەفە جیهانییەکان و بەروردکردنیان دەروازیەکی نوێ بۆ قسەکردن لەسەر دەقی ئەدەبی کوردی دەکاتەوە و بەم خوێندنەوە و بەراوردکردنەش پلە و پایەی هزریی مەحوی زیاتر و سەردەمیانەتر دەخرێتەوە بەر باس و توێژینەوە و لێکدانەوەیەکی هزریی قوڵتری بۆ دەکرێت.

### ١.٤. گریمانەی توێژینەوە:

لە خوێندنەوەیەکی وردی تێڕوانینەکانی هەر دوو ناوبراو، هەست بە لێکچوونێکی زۆر دەکرێت لە نێوانیاندا لە ڕووی تێڕوانینیان بۆ چەمکە دوانەکان و بەسەنتەرکردن و لێکچوونی تایبەتمەندییەکان، ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر سەلماندنی ئەم گریمانەیە دەکات.

### ١.٥. ڕێبازی توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانەی کە گریمانەکراون بە شێوەیەکی بەراوردکاریی شیکاریی مامەڵە لەگەڵ داتاکاندا کراوە.

### ١.٦.سنووری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە شیعرەکانی مەحوی کە هەڵگری جیهانبینیی ناوبراون و بۆچوونە فەلسەفییەکانی لڤیناس لە بارەی خود و ئەویتر.

### ١.٧.ناوەڕۆکی توێژینەوە:

سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆریی باس لە جیهانبینیی مەحوی لە شیعرەکانیدا کراوە و هەر یەک لە چەمکەکانی عاشق و مەعشووق و پەیوەندیی نێوانیان ڕوونکراوەتەوە و پاشان باس لە تێڕوانینەکانی لڤیناس لە بارەی هەر یەک لە چەمکەکانی هەمان[خود] و ئەویترەوە کراوە و لە کۆتاییشدا ڕووی لێکچوونی نێوان مەعشووقی مەحوی و ئەویتری لڤیناس خراوەتەڕوو.

### ١.٨. ئەنجامی توێژینەوە:

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی کە لە میانەی هەوڵەکاندا پێیگەیشتوین لە چەند خاڵێکدا کۆکراونەتەوە و خراونەتەڕوو.

### ٢. لە بارەی مەحوییەوە:

مەحوی (١٨٣٠_١٩٠٦) بەپێی سەردەم و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی، بە یەکێک لە شاعیرانی قۆناغی شیعری کۆنی کوردی هەژماردەکرێت، و بۆ خۆی زانایەکی ئاینی و کەسێتییەکی خاوەن تەریقەت بووە (مەحوی، ٢٠٠٣: ل. پێنج_شەش) و ئەم ڕەهەندەی ژیان و کەسێتیی ناوبراو پاشتر گواستراوەتەوە ناو دەقە شیعرییەکانی و وەکو دەبینین، بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ڕەنگ و بۆیەکی عیرفانی و ئاینییان لە خۆگرتووە.

مەحوی لە میانەی شیعرەکانییەوە وەکو شاعیرێکی خاوەن جیهانبینیی عیرفانی خۆی بەدیاردەخات هاوشێوەی شاعیرە سۆفی و عاریفەکانی نەتەوەکانی تر و هەندێک لە مامۆستایان ڕایان وایە "بە زیادەڕەوی نازانرێ ئەگەر بگوترێ مەحوی تاقە سواری مەیدانی شیعری سۆفیگەریی کرمانجی خوارووە و هیچ شاعیرێ تۆزی بەرپێی نەشکاندووە و بووەتە پێشڕەوی ئەو لایەنە و شاعیران لە دوای خۆیەوە چاویان لێکردووە و بووەتە ڕێپیشاندەریان"(ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠٠١: ل٣٠٧) و لە ڕووی ئەم جۆرە شیعرەوە خاوەن پێگەیەکی تایبەتە و وەکو دەگوترێت "لە کرمانجی خوارووودا هاوشانی نییە" (ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٠: ل٤٧).

جیهانبینیی عیرفانی لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراوە و ئەم بنەمایانەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناراستەخۆ بەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانی مەحوییان پێکهێناوە، و لە ڕێگەی پەیوەندییەکی سێ سەرەی

نێوان عەشق و عاشق و مەعشووق بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەم ڕووەوە لە شیعرەکانیدا خستوەتەڕوو.

مەحویش هاوشێوەی سەرجەم عاریفان لە عەشق دەڕوانێت و پێیوایە کە عەشق ئەو ئەمانەتە بارگرانەیە کە خودا پاش ئەوەی لە هەموان نائومێدبوو خستیە سەر شانی مرۆڤ و دەڵێت:

خودا گرتو دڵم، چۆتن بە گڕ شۆڕ و شەڕی عیشقا

بە نەصصی ئایە ئەفلاک و زەمین ئەم بارە ناکێشێ

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٣٠٣)

ئەمە ئان و ساتی گیرۆدەبوونی مرۆڤە بە عەشقێک کە پاشتر باڵی بەسەر هەموو ژیانیدا کێشا و بووە پەنجەرەیەک بۆ بە دیهاتنی خەونی هەمیشەیی مرۆڤ کە بریتییە لە کامڵبوون و مەحوی لەم بارەیەوە دەڵێت:

بە سۆزی عیشقە بوونە ذی کەمالات (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٤١)

لێرەدا عەشق خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ گەیشتنەوە بە مەعشووق کە دەیەوێت لە ڕێگەی عەشقەوە کیمیاگەریی بکات. عەشق بووە ئەو گۆڕەپانەی کە تێیدا عاشق خۆی خستە بەر سەنگی مەحەک تاوەکو شایستەبوونی گەیشتنەوە بە مەعشووقی چنگ بکەوێ و بەمەش ڕێڕەوی ژیان و مردن و ئامانج لە هەبوونی مرۆڤ لە پێش چاوی عارف لە سادەترین وێنەدا خۆی نمایش دەکات بۆیە مەحوی دەڵێت:

بدین ما بهشت اصل نبود جز بهشت وصل

بدل حاشا بخواهم حور و جنت خواهم از تو تو

(مەحوی، ۲۰۰۳: ل۵۲۳)

لە ئەنجامی ئەم پێشەکییەوە زۆر بە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین کە عیرفان جیهانبینییەکی مەعشووق سەنتەرە و تێیدا مەعشووق وەکو چەقێک بە دیار دەکەوێت و عاشقیش وەکو پەراوێزێکی بەردەوام بێئۆقرە کە لێنەبڕاوانە لە هەوڵی بەدەستهێنانی وەسڵ و خۆگەیاندنەوەیە بە ئامانجی کۆتایی هەموو ژیان و بوونی. مەزنیی ئەم ئامانجەش لە ئاستێکدایە کە هەر جۆرە قوربانیدانێکی بوێت، عاشق درێغی لێناکات ئەگەر بە بەهای ژیان و گیانیشی کۆتایی پێ بێت.

عاشق بە کەوتنە داوی مەعشووقەوە دەبێتە ڕێبوارێکی ڕێگەیەکی دوور و درێژی پڕ لە کۆسپ و مەترسی، بەڵام چونکە مان تەنیا لە بە ئەوبووندایە، دەبێت سەری خۆی لەو ڕێگەیەدا ببەخشێت و بەمەش لە دووبوون ڕزگاری دەبێت و مەعشووق لە خەزێنەی سیفاتە کەماڵیەکانی خۆی بەشداری دەکات و بوونێکی خودایی پێدەبەخشێت و مەحوی دەڵێت:

نگردی تا چو قطره محو در دریای عشق دوست

محال است اتحادت تا ابد یک یک بود دو دو

(مەحوی، ۲۰۰۳: ل۵۲٤)

### ٣. له بارەی ئیمانۆئێل لڤیناسەوە:

ئیمانۆئێل لڤیناسی (١٩٠٦-) بیرمەندی فەرەنسیی بە ڕەچەڵەک لیتوانی لە خێزانێکی جولەکە لەدایکبووە و بەهۆی نەهامەتییەکانی شەڕی جیهانی یەکەم وڵاتی خۆی بە جێهێشتووە و لەساڵی ١٩٢٣ بۆ خوێندنی فەلسەفە ڕووی لە پاریس کردووە و لە ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستدێنێت. لە ساڵی ١٩٣٩ وەکو وەرگێڕی ڕووسی و ئەڵمانی لە ڕیزەکانی سوپای فەرانسادا خزمەت دەکات و لە شەڕی جیهانیی دووەمدا لەلایەن نازییەکانەوە بە دیل دەگیرێت و زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە پرۆسەی جینۆسایدی جولەکەکاندا بە دەستی نازییەکان دەکوژرێن و تەنیا هاوسەر و کچەکەی دەربازیان دەبێت و بۆ خۆیشی بە شێوەیەکی سەیر لە ژووری کوشتن بەهۆی گازەوە کە نازییەکان سازیان کردبوو، ڕزگاری دەبێت و بەم شێوەیە ڕووداوەکانی ژیانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر جیهانبینی و بیرکردنەوە و نووسینەکانی دەبێت (مسعود علیا، ١٣٩٥: ص٩_١٣).

لڤیناس لە ساڵی ١٩٤٧ بە دواوە بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانی چەندین کتێب بڵاودەکاتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: بوون و هەبووەکان، سەرجەمێتی و بێکۆتایی، سەروی بوون، کات و ئەویتر... هتد.

ڕەوتی بیری مۆدێرنیتە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هەموو کایەکان لە "من"دا کۆبکاتەوە و "من" وەکو چەقێک بناسێنێت. ئەم تێڕوانینە لەسەر بنەمای پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی ئەویتر دامەزراوە و بەرهەمەکەیشی بۆ مرۆڤی سەردەمی نوێ، خۆی لە جەنگە جیهانییەکان و پرۆسەی داگیرکاریدا بینییەوە چونکە منگەرایی تەنیا منی وەکو خاوەن پێگە لەبەرچاودەگرت و لە ئەنجامدا بە تەنیا کاری بۆ

بەرژەوەندییەکانی دەکرد و خوێندنەوەی بۆ ئەوانی تر وەکو خۆیان نەبوو. لەم قۆناغەدا کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان فەلسەفە و ژیان و زۆرێک لە بیرمەندانی پاش جەنگ وەکو گرنگترین ئەرکی بیرمەندانەی خۆیان کەوتنە ڕەخنەگرتنی بیر و فەلسەفەی مۆدێرنیتە و ئەو پاشهاتانەی کە بەدوای خۆیدا هێنا. یەکێک لە گرنگترینی ئەو چەمکانەی کە لەم نێوەندەدا کەوتە بەر باس چەمکی "ئەویتر" بوو. ئیمانۆئێل لڤیناس لە ڕیزی دیارترینی ئەو کەسانە بوو کە کاری لەسەر چەمکی ئەویتر کرد و لە ڕاستیدا بیری فەلسەفیی خۆی لەسەر بنەمای ئەم چەمکە بونیادنا (مهدی مرادی، ١٣٩١: ص٤_٥).

لڤیناس توانی دەرگایەکی نوێ بە ڕووی بیرکردنەوە لە بابەتی ئەخلاق بکاتەوە و لە ڕاستیدا ئەو "دەیویست لەو دیو هزری تەقلیدیانەی ئەخلاقییەوە بیر لە ژیانێکی باش و خۆشبەختانە بۆ مرۆڤ بکاتەوە. ئەو توانی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە چەقبەستوویی مرۆڤ لەسەر خودی خۆی بگوازێتەوە بۆ چەقبەستنی مرۆڤ لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە و پێکەوەبوونی لەگەڵ مرۆڤی تردا و بەمەش لڤیناس (ئەویتر) بکاتە چەمکێکی سەرەکی لە فەلسەفەی ئەخلاقیی هاوچەرخدا" (ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠٠٦: ل٢٦).

### ٤. ڕووی لێکچوونی مەعشووق و ئەویتر

مەعشووق و ئەویتر دوو چەمکی سەرەکی و چەقن لە جیهانبینیی مەحوی و لڤیناسدا و بە تێڕوانینێکی ورد لە هەردوو چەمکەکە، وێڕای جیاوازیی چوارچێوەی بەکارهێنانیان، لە کۆمەڵێک خاڵدا خاوەنی سروشت و سیفەتی زۆر لێکنزیک و تەنانەت هاوبەشن. لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا باس لە خاڵە لێکنزیک و هاوبەشەکانی نێوان هەردوو چەمکەکە دەکەین لەناو بۆچوونەکانی هەردوو ناوبراودا.

### ٤.١. لەپێشتربوونی مەعشووق و ئەویتر

عیرفان لە پاڵ ئاینداریی زاهیدانە و بیرمەندانە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاینداری (عبدالکریم سروش، ١٣٧٨: ص٢٣_٢٦) کە لەسەر بنەمای عەشق دامەزراوە واتە وەکو جیهانبینییەکی عاشقانە بەدیاردەکەویت و سەرجەم بابەتە سەرەکییەکانی ناو ئەم جیهانبینییە وەکو ئەفراندنی بوون و مرۆڤ و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی گەردوون بەستراوەتەوە بەم چەمکەوە (سیروان زەند، ٢٠١١: ل٥٠_٥٢). لە عیرفاندا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودایش خۆی لە فۆڕمێکی عاشقانەدا دەبینێتەوە و خودا دەبێتە مەعشووقی ئەزەلی و ئەبەدیی مرۆڤ و مرۆڤیش دەبێتە عاشقێکی شەیدای گەیشتن بەو مەعشووقە و لە ڕاستیدا هەر ئەمەش وەکو ئامانجی کۆتایی بوونی مرۆڤ تەماشادەکەن.

لە مرۆڤناسیی عیرفانیدا بەپێی دوو بنەما مرۆڤ پەیوەست دەبێت بە خوداوە و ئەم دوو بنەمایە پێگەی هەریەک لەو دووە لەناو ئەم کایەیەدا دەستنیشاندەکات. یەکەم، مرۆڤ هەڵگری ناوەکانی خودایە و شوێنگرەوەی ئەوە لەسەر زەوی کەواتە لە باری دروستدا دەبێت بەو جۆرە بێت کە ئەو دەستنیشانیکردووە. دووەم، مرۆڤ لە گیانی خوداوە سەرچاوەی گرتووە و ئێستا لەو سەرچاوەیە و نیشتمانی ڕەسەنی خۆی دوورکەوتووەتەوە و دەبێت بە بڕینی کۆمەڵێک قۆناغ خۆی بگەیەنێتەوە شوێنی خۆی و ببێتەوە بە ئاوێنەیەک بۆ خودا و ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی عەشقدایە (رامینا و قبادی، ١٣٩٢: ص٧٥). بەم پێیە عاشق دەبێتە دەرکەوتەیەکی مەعشووق و شوێنگرەوەی مەعشووق لەسەر زەوی و عاشق گیان لە مەعشووقەوە وەردەگرێت و ئێستاش بە دوورکەوتنەوەی لەو دەبێت بەردەوام لە هەوڵی گەڕانەوەدا بێت بۆ لای ئەو، چونکە بوونی ئەم پەیوەستە بە بوونی ئەوەوە و بەمەش لە نێوان عاشق و مەعشووقدا

ئەوە مەعشووقە کە دەبێتە چەق و سەرچاوە بۆ بوونی عاشق، و بوونی عاشق پەیوەست دەبێت بە بوونی ئەوە و ئیدی لێرەوە مەعشووق پێگەی لە پێشتربوون وەردەگرێت سەبارەت بە عاشق.

مەحوی لەسەر بنەمای شیعرەکانی وەکو عاریفێک یان عاریف سروشتێک خۆی دەناسێنێت و بەشی زۆری دیوانەکەی بۆ خستنەڕووی عەشق و خۆشەویستیی خۆی بۆ مەعشووق تەرخاندەکات. لەم عەشقەدا پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان عاشق و مەعشووقدا بەدیناکرێت و بە پێچەوانەوە مەعشووق دەبێتە خاوەن پێگەیەکی زاڵ و زۆر باڵا و بوونی عاشق پەیوەست دەبێت بە بوونی ئەوەوە، لەم دێڕە شیعرەدا بە ڕوونی جیاوازیی پێگەی نێوان خۆی و مەعشووق دیاریدەکات کە دەڵێت:

لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما

دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم، چ بکەم!

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٣١ )

ئەم پێگەی لەپێشتریە بەرئەنجامی ئەو ئەرکەیە کە مەعشووق سەبارەت بە عاشق هەیەتی و مەحوی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

یەکەم: ناوبراو مەعشووق بەسەرچاوەی ژیان دەبینێت واتە لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوەی ژیانە بۆ عاشق بۆیە پێگەی لە پێشتربوون وەردەگەرێت و لەم بارەیەوە دەڵێت:

خضر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات

من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٦٣)

دووەم: مەعشووق بە تاکە مەرهەمی برینی خۆی دەبینێت و جیا لەو دەرمانێکی تر بۆ ئەم دەردەی بەدی ناکات و دەڵێت:

مەحوی ئەمڕۆ زۆر نەخۆشە قەت شیفای نایێ بە هیچ

گەر شیفای بێتن، بە بۆیی زوڵف و ئەو ئەگریجە دێ

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٣٢٤)

سێیەم: هەر کەسێ کەوتە داوی خۆشەویستی ئەوا ئیدی مەحاڵە بتوانێت لە بەندی ئەو دەربازی ببێت و دەڵێت:

مەحاڵاتە لە بەندی زوڵفی دەرچوون

چەها چینە، چەها چینە لەسەر چین

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٥٠)

چوارەم: مەعشووق تاکە داڵدەدەر و پەنادەرە بۆ عاشق و جیا لەو پەناگەیەکی دیکە نابینێتەوە ئۆقرەی تێدا بگرێت و دەڵێت:

تۆ نەبی مەلجەئی من بیی، (ابدا) نیمە مەلاذ

لەو دەرە بێتو دەم کەی، بە خودا نیمە مەلاذ

(مەحوی، ٣٠٠٢: ل١١٦)

پێنجەم: عاشق بوونی خۆی لەپێناو بوونی مەعشووقدا دەبینێتەوە و هەبوونی خۆی بەبێ ئەو بێمانا دەزانێت و دەڵێت:

تۆ نەبینن، نووری ئەم چاوانە بۆچ!

بۆ نیثاری تۆ نەبێ، ئەم جانە بۆچ!

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٩٥)

شەشەم: هەوڵ و کۆششی بڕوادار بۆ چوونە بەهەشتە بەڵام عاریف بەهەشت لە وەسڵی مەعشووقدا دەبینێت و لە وەسڵ و هیجری مەعشووقەوە پێناسەی ئەم بابەتانە دەکاتەوە و دەڵێت:

من وەصڵی ئەو بەرابەری جەننەت دەگرم و، ئەو

دۆزەخ بە ئاهی سینەیی من ڕووبەڕوو دەکا

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٥)

بەم پێیە دەبینین لەم کایە دوو سەرەیەی عەشقدا بەردەوام مەعشووق پێگە باڵا و زاڵ و چەقەکە وەردەگرێت و عاشق دەبێت خاوەن بوونێکی پەیوەست و ناچەق کە بوونی خۆی لە بوونی ئەودا دەبینێتەوە. لە بەرانبەردا ئیمانۆئێل لڤیناسیش لە پەیوەندیە دووسەرە ئەخلاقییەکەی خۆیدا و لە نێوان هەمان[خود] و ئەویتردا، هەمان سروشت و پێگە بۆ ئەویتر لە بەرچاودەگرێت و ئەویتر بە لەپێشتر و چەق دادەنێت.

سەرەکیترین بابەت کە لڤیناس لە کتێبی "سەرجەمێتی و بێکۆتایی"دا باسی لێوەدەکات جیاوازیی نێوان هەمان[خود] و ئەویترە. بە بڕوای ئەو هەر لە سەردەمی ئەفلاتۆنەوە هەتا سەردەمی هۆسرل چەمکی سەرەکی و کلیلی لە بیرکردنەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بریتی بووە لە من یان هەمان[خود] و لەم قۆناغەدا بیرکردنەوەدا بە ئاراستەی من سەنتەری بووە و لەو بڕوایەدابوون کە من دەتوانێت ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی من

به "ئەویتر"یشـــەوە لەنـــاو خۆیـــدا جێبکـــاتەوە و لەســـەر ئەم بنەمـــایە بیرکــردنەوەی ئەم قۆنــاغە بە دەوری خــود یــان منناســی egology دا دەســوڕێتەوە. لڤینــاس لە کتێبەکەیـدا و لە ڕەخنەکردنـی ئەم بۆچــوونەدا چەمکی ســەرجەمێتی دەبەســتێتەوە بە مـنەوە و لە بەرانبەریشـدا چەمکی بێکۆتـایی دەبەســتێتەوە بە ئەویتـرەوە و بەم جـۆرە دەیەوێ پێمانبڵێت کە ئەویتــر لەپێشــترە و لە ڕاســتیدا ئەو ســیفەتی بێکۆتــاییەتی وەردەگرێــت (محمــد اصــغری، ١٣٨٨: ص٣٠). ڕەوتــی منســالاری لە مێــژووی هــزردا پرۆسەی داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی ئەویتر و وەرگرتنەوەی مـافی مان و ژیان و خۆبەڕێوەبەری لە ئەویتر وەرگرتەوە.

بە لای لڤیناسەوە خاڵی گرنگ بریتییە لە بیرکردنەوە لە ئەویتر لە لای من، چونکە لە ڕاستیدا ئەویتر دەبێتە ڕێگر لە بەردەم قەتیس بوونی من لەنـاو هۆشـی خۆمـدا و بەمەش ڕێـگە بـۆ درککردنـی ئەویتـر وەک خـۆی خۆش دەبێت و ئیدی کۆتایی بە چەقکردنی من دێت. ئەویتر بەردەوام لە دەرەوەی من دەمێنێتەوە و زمان خاڵی بەیەکگەیشتنی من و ئەویترە و بە دروســتبوونی گفتوگــۆ لە نێــوان ئەم دووە لە فەرمــانڕەوایی و زاڵبــوونی هۆشــەکیی مـن کەمـدەکاتەوە و چیـدی ئەویتـر لە بـری ئەویتـر لە بـارەی خۆیەوە دەدوێت و لەم کاتەشدا لە بەر ئەوەی بێکۆتـایی بەسـتراوەتەوە بە ئەویتـرەوە، حەزی گەیشـتن بە بێکۆتـایی یـان ئەویتـر لەلای مـن دروسـت دەبێت. بە بـڕوای لڤینـاس پەیوەنـدیی نێـوان مـن و ئەویتـر پەیوەنـدییەکی نایەکســانە و ســەنگی تەرازوەکەی زیــاتر بە لای ئەودا دەشـکێتەوە و لەم کاتەدا من بەرپرسیار دەبم بەرانبەر بە ئەو، بەڵام ئەمە بەو واتـایە نییە کە ئەویش بەرپرسیار دەبێت بەرانبەر بە من (رامین جهانبگلو، ١٣٩٤: ص٣٥). لە ئەنجامی ئەو سیفەتە بێکۆتاییەی کە من لە ئەویتردا دەیبینێتەوە، حەزی گەیشـتن بە ئەویتـر لە لای مـن دروسـت دەبێـت و لە هەمـان کاتـدا مـن بەرانبەر بە ئەویتر باری بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ و ئیدی ئەویتر

دەبێتە ئاراستەکاری ئاکاریی من لەسەر بنەمای ئەو بەرپرسیارێتییە. بە واتایەکی تر، ئەویتر بۆ من دەبێتە مەرجی بەدیهاتنی ئاکار. ئەویتر بیرکردنەوەی ئاکاری من دیاریدەکات و بەبێ هەبوونی ئەویتر شتێک بە ناوی بیرکردنەوەی ئاکاری دروست نابێت بۆیە ئەویتر پێشمەرجی بوونی ئاکاری منە و لێرەوە پێگەی لەپێشتر سەبارەت بە من وەردەگرێت و بە بڕوای لڤیناس ئاکار وەپێش بوون و بوونناسی دەخات و بەمەش ئەویتر لە سەرچاوەی ئاکارەوە وەپێش بوونی من دەکەوێت.

کەواتە لەو کایە دووسەرەیەی کە لە نێوان من و مەعشووقی مەحوی و ئەویتری لڤیناسدا هەیە بەردەوام پێگەی لەپێشتری وەبەر مەعشووق و ئەویتر دەکەوێت و من پێگە یەکەمەکەی لە دەستدەدات و دەبێتە بوونێکی پەیوەست بە ئەویترەوە و ئەمەش خاڵێکی بەهێزی لێکچوونی نێوان جیهانبینیی هەردوو ناوبراوە.

## ٤.٢. دەرەکیبوونی مەعشووق و ئەویتر

لە عیرفان بە گشتی و لە شیعرەکانی مەحویشدا هاوشێوەی عاریفێک، مەعشووق بۆ خۆی خاوەن بوونێکی دەرەکییە و دەکەوێتە دەرەوەی بوونی عاشقەوە. گەرچی جیهانبینیی عیرفانییە لەسەر بنەمای یەکێتیی بوون دامەزراوە و کۆی بوونەوەران لە یەکێتییەکدا دەبینێتەوە، لە هەمان کاتدا نکۆڵی لە لێکجودایی نێوان عاشق و مەعشووق ناکات و ئەمەش وەکو یەکێک لە بیرە پاڕادۆکسەکانی ناو جیهانبینیی عیرفانی بەدیاردەکەوێت، واتە قەبوڵکردنی "کەسرەت" لەناو "وەحدەت".

مەحوی لە چەندین شوێنی شیعرەکانیدا ئاماژە بە دەرەکیبوونی مەعشووق دەکات و پێمان دەڵێت کە مەعشووق تەنیا خاوەن بوونێکی

هۆشەکی نییە لەناو هۆشی عاشقدا و بەڵکو لە بنەڕەتدا بوونێکی دەرەکی هەیە، وەکو لەم دێڕە شیعرەدا بەدیاردەکەوێت:

هەتا لەو یاری دەمسازە جودا مام

وەکوو نەی بێ نەوا کەوتووم و بێ دەنگ

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل١٩٨)

لێرەدا مەحوی وەکو بوونێکی دەرەکی لە بارەی مەعشووقەوە دەدوێت و جیا لە دەرەکیبوونەکەی ژیان و بوونی خۆیشی دەبەستێتەوە بە ئەوەوە و لەگەڵ ئەمەشدا جۆرێک لە ناکۆکبوون لە نێوان بوونی خۆی و ئەودا بەدی دەکات و دەڵێت:

وتی: "مەحوی" من و تۆ ئافتاب و سایە تیمثالین

جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٣٦)

وێڕای هەبوونی حەزی بەیەکگەیشتن و یەکبوون لە نێوان عاشق و مەعشووقدا، بەڵام ئەو دووە وەکو خاوەن دوو بوونی دەرەکیی لێکجودا هەر یەک خاوەن سروشتێکی تایبەتن، سەبارەت بەوەی تر دەکەونە پێش چاو. هەروەها جیاوازیی بوونی نێوانیان بە جۆرێکە کە دەتوانن بکەونە باری غیابیش سەبارەت بەیەکتر و لەپێش چاوی یەکتر دیار نەمێنن، وەکو دەڵێت:

که تۆ غایب لەبەر چاوم دەبی، چم بێ لە تۆ غایب

قیامت حاضری بەر چاومە، خۆمم لە خۆ غایب

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٥١)

یان دەڵێت:

شوکر تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم

لە من غایب نەبی تۆ، بەسمە، با من بم لە تۆ غایب

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٥٢)

لە دێڕە شیعرێکی تردا و لە ڕێگەی هێنانەوەی چیرۆکی ئەنالحەقی مەنسووری حەلاجەوە کە بانگەشەی یەکبوونی خۆی و مەعشووقی دەکرد، زۆر بە ڕوونی باس لە جودایی بوونی عاشق و مەعشووق دەکات و ویڕای خوڵقاندنی پارادۆکسێک لە بارەی حەق پێدانیەوە، ئەم بانگەشەیەش بە جۆرێک لە شێتی لەقەڵەمدەدات و دەڵێت:

با حەقیشی بێ، لە بۆ "مەنصوور" "اناالحق" حەق نیە

شێتییە، مەجنوون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل١٩)

هەموو ئەمانە دەرەکیبوونی بوونی مەعشووق دەسەلمێنن لە لای مەحوی و بەڵگەن بۆ بە تەنیا هۆشەکی نەبوونی ئەو، لە بەرانبەریشدا لڤیناس هەمان تێڕوانینی بۆ ئەویتر هەیە. لڤیناس (وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا) بۆچوونەکانی خۆی لە بەرانبەر بیری بەچەقکردنی من و

هۆشـگەرایی منسـالاری خسـتەڕوو کە کـۆی بـوونی لەنـاو هۆشـی منـدا کـۆدەکردەوە و سـەروەریی مـامەڵەکردنێکی ئـازادی بە مـن دەبەخشـی لە بارەیـانەوە. لەم کـاتەدا ئەویتـر و دەوروبەر دەبـوونە خـاوەن بـوونێکی هۆشـەکی لەنـاو هۆشـی مندا و لێرەوە مـن بیری خاوەنداریێتیی ئەویتـر و دەرەوەی خۆی لەلا دروست دەبێت.

لڤینـاس ڕای وایە "ئەویتـر بـریتییە لە دەرەکیبوونێـک کە دەکەوێـتە دەرەوەی مـن و دەسـت پێنەگەیشـتووە و لە بـارێکی جـودایی ڕەهـادایە" (مهدی مرادی، ١٣٩١؛ ص٨٠) و هەروەهـا پێیوایە "ئەویتر کاتێک ئەویترە کە چوارچێوەی دیـاردەی مـن و لە چوارچێوەی ناسـینی مـن بەدەر بێت. ئەگەر ئەویتر بکرێت بەدەستبهێنرێت و دەستیبەسـەردابگیرێت و بناسـرێت ئیدی ئەویتـر نییە (حسـین فتح زادە، ١٣٩٠: ص١٥٠). نـاوبراو لە بەرانبەر منی زاڵدا کە هەموو شتێک بە ئەویتریشەوە دەگوازێتەوە بۆ هۆشـی خـۆی و لەوێـدا بەو جـۆرە لێیـدەڕوانێت کە خـۆی دەیەوێ، وێنەیەکـی دیـکە بـۆ ئەویتر دەناسێنێت کە ئیدی لە سـنووری دەسـەڵاتی مـن بەدەر بێت و ڕای وایە کە ئەویتـر "ڕاسـتییەکی بەبـابەتنەبووە و لە بەرانـبەر هێرشـی ئەو بیرکردنەوە دەسەڵاتخوازەی کە دەیەوێت بیکاتە بابەت و لەنـاو مەعریفەی خۆیـدا جێیبکـاتەوە، بە تونـدی بەرگـری لە خـۆی دەکـات... پەیوەنـدیی مـن لەگەڵ ئەویتر لە پەیوەندیی نێوان خود و بابەتدا خۆی نابینێتەوە چونکە لە بنەڕەتـدا پەیوەنـدیی درککـردن و تێگەیشـتن پەیوەنـدییەکی وێـرانکەر و سـەرکوتکەرە و مەودا و دووریـی ئەویتـر لەنـاو دەبـات و لە پـێگەی جیـاوازیی خۆیـدا وەکـو ئەویتـر نـایهێڵێتەوە (مهدی بنـایی جهرمـی، ١٣٩٣: ص٢٩).

بەم پێیە لڤنیـاس دەیەوێـت ئەویتـر وەکـو خـۆی و بە جـۆرەی کە بـۆ خۆی هەیە و لە دەرەوەی وێنە هۆشەکییەکەی کە لەلای من بۆی دروست

دەبێت پێناسە بکات و بەمەش بوونێکی دەرەکی پێدەبەخشێت و جیایدەکاتەوە لە من و دەیکاتە خاوەن سەربەخۆیی و لێرەدا لە مۆدێلی فەلسەفەی مۆدێرن و ئەو تێڕوانینەی کە بۆ ئەویتر هەیبوو جیادەبێتەوە.

کەواتە مەعشووق و ئەویتر لەلای مەحوی و لڤیناس دوو بوونی دەرەکین و لە وێنەیەکی هۆشەکیی ناو هۆشی من یان بکەری ناسین و مەعریفەدا کۆنابنەوە و بەردەوام بەرگری لە سەربەخۆیی دەرەکیی خۆیان دەکەن و من ناچار دەکەن لە دەرەوەی خۆی بە دوایاندا بگەڕێت و هەوڵی ناسینیان بدات بە واتایەکی تر بە تەنیا خاوەن بوونی هۆشەکی نین.

## ٤.٣. دەست پێنەگەیشتوویی مەعشووق و ئەویتر

ئەو مەعشووقەی کە مەحوی لە شیعرەکانیدا باسی لێوە دەکات، خاوەن کۆمەڵێک سیفەت و سروشتی دیاریکراوە و یەکێک لەو سیفەتانەش بریتییە لە نابەردەستی و دوورەدەستیی ئەو، واتە خاوەن بوونێکی دەست پێنەگەیشتووە و شاعیر بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ گەیشتن پێی، بەڵام وێڕای ئەوپەڕی مکوڕبوونی لەسەر وەسڵ، هەندێک جار دان بە دەستپێنەگەیشتنیدا دەنێت و جۆرێک لە بێهیوایی کاتی باڵی بەسەردا دەکێشێت، بۆ نموونە دەڵێت:

نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری

مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٨)

لێرەدا مەعشووقێک بەرچاودەکەوێت کە لە بەرانبەر عەشقێکی بە درێژایی تەمەنی عاشق خۆی بەدەستەوە نەداوە و بەردەوام لە دوور و دەرەوەی ئەودا ماوەتەوە. دوورەپەرێز مانەوەی مەعشووق پەیوەستە بە

سروشـتی زاتـی و پـێگەی بـاڵای ئەوەوە و وەکـو پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا مەحـوی دیـدێکی عیرفـانی بـۆ عەشـق هەیە و لە عەشـقی عیرفانیشـدا مەعشووق خاوەن باڵاترین پێگەیە و جوگرافیایەکی ئاسمانییە، بۆیە لەگەڵ عاشـقێکی زەمینـی بەردەوام لە بـاری هیجـردایە و مەحـوی لەم بـارەیەوە دەڵێت:

یەعقوب وەش "مەحوی"یە، چاوێشەداری هیجر (مەحوی،٢٠٠٣: ل٢٢)

ئەم دووریە، دوورییەکـی فیزیکـی و ئاسـایی نییە کە بکرێـت کۆتـایی پێبهێنرێت و لە دەسەڵاتی عاشقدا بێت کە بیگۆڕێت بۆ وەسـڵ و بـۆیە هـیچ کەس و ڕێنیشاندەرێکیش ناتوانن لەم ئامانجەدا هاوکار و یارمەتیدەری بن چـونکە وەکـو مەحـوی خـۆی ئامـاژەی پێـدەکات ئەو لە شـوێنگەیەکی بـێ هەواڵی دەست پێڕانەگەیشتووە:

لە کێ یارەب خەبەر پرسی بکەم من

کە هەرکەس بۆ خەبەر چوو، بێ خەبەر کەوت

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٨٧)

یـــاخود وەســـڵی مەعشـــووق بە کیمیـــا دەچوێنێـــت، ئەو زانســـتە ئەفسوناوییەی کە توانای گۆڕینی ماددەی هەیە و دەڵێت:

وتم: چ بکەم لە بۆ وەصڵت؟ وتی: کەس

بە کەس نەیوتووە عیلمی کیمیا قەط (مەحوی، ٢٠٠٣: ل)

لێرەدا عەشق یەکسـانە بە هەوڵـی گەیشـتن بە مەعشـووق و عاشـقیش وەکـو پابەنـدێکی ئەم عەشـقە هەتـا کۆتـایی ژیـانی لەم هەوڵـدانە بەردەوام

دەبێت و کۆڵنادات هەتا لە بازنەی عەشق دەرنەچێت و لەناو کایەکەدا بمێنێتەوە.

هەمان تایبەتمەندی و سیفەتی دوورەدەستی و دەست پێڕانەگەیشتوویی سەبارەت بە ئەویتری لڤیناسیش هەر دروستە، چونکە ئەویش ڕای وایە کە ئەویتر "دەست پێنەگەیشتووە و لە بارێکی جودایی ڕەهادایە" (مهدی مرادی، ١٣٩١؛ ص٨٠).

لڤیناس بابەتی بێکۆتایی دەبەستێتەوە بە ئەویترە و من لە حەزی گەیشتن بە بێکۆتایی بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەویتر کە سەرچاوەی ئەو بێکۆتاییەیە و ڕای وایە کە "ئەوەی من بەرەو ئەویتر ڕادەکێشێت ویستنی مێتافیزیکی جیهانی نەبینراوە؛ خواستێک کە لە ویستنی بێکۆتایی لە ئەویتردا بەرجەستە دەبێت. بێکۆتایی لە ویستنێک بەدیاردەکەوێت کە لە ڕۆیشتن بەرەو ئەویتر بەدیدێت"(رامین جهانبگلو، ١٣٩٤: ص٣٥). ئەویتر کە سەرچاوەی بێکۆتاییە، بوونێکی دەست پێڕانەگەیشتووە بۆ من بۆیە ئەم هەوڵە دەبێتە هەوڵێکی بێبڕانەوە و دەبێتە پڕۆژەیەکی بەردەوامی ژیانی من.

کاتێک جیهان بەسەر فیزیک و مێتافیزیکدا دابەش دەکەین، بوونی ناو جیهانی فیزیکی سیفەتی هەستپێکراو و بەردەستی و بوونی ناو جیهانی مێتافیزیکیش سیفەتی هەستپێنەکراو و نابەردەستی وەردەگرن و "لڤیناس لە فەلسەفەی ئاکارییەکەیدا بەرەو جیهانی مێتافیزیک دەچێت و پەیوەندی لەگەڵ ئەویتر بە مێتافیزیکەوە دەبەستێتەوە و لەسەر ئەم بنەمایە ڕای وایە کە کاتێک بەرەو ئەویتر هەنگاو دەنێین ڕێگەکەمان بە کەماڵی ڕەها و ئەویتر کۆتایی پێدێت. ئەو بێکۆتاییە و ڕێگەی گەیشتن بە ئەویش لە بێکۆتاییدایە"(مهدی مرادی، ١٣٩١؛ ص٤٠). ئەمە بە واتای دابڕانی تەواو

نییە لە ئەویتر و لە ڕاستیدا لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ڕۆیشتن بەرەو ئەویتر من دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی گەیشتن بە بێکۆتایی.

کەواتە مەعشووق و ئەویتر دوو خوازراوی زۆر جیدی و کلیلین لە لای مەحوی و لڤیناس و ئەو دوو بوونە چەق و سەنتەرییەن کە هەبوونیان زەرورەتێکی حەتمیە، بەڵام وێڕای ئەو پەڕی هەوڵ و بەدواداگەڕان بەردەوام وەکو خوازراوێکی دەست پێنەگیشتوو دەمێننەوە و خۆبەدەستەوەنادەن هەتا خوازیارانیان لە باری خواستنی بەردەوامدا بهێڵنەوە، چونکە مانەوە لەم بارەدا بۆ خۆی نیشانەی مانەوەیە لەسەر ڕێڕەوی ڕاستەڕێدا و هەنگاونان بە ئاراستەی ئامانجی کۆتایی.

## ٤.٤. بێکۆتاییبوونی مەعشووق و ئەویتر

وشەی بێکۆتایی وەرگێڕدراوی وشەی "apeiron"ـە کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای بێسنوور و بێکۆتایی دێت و بە بڕوای بیرمەندانی یۆنان بێکۆتایی سەرچاوەی هەموو بوونە (سید حمید طالب زادە، ١٣٨٥، ص٨٨).

لە جیهانبینیی عیرفانیدا خودا_مەعشووق تاک و بێکۆتایە و ئەم بوونە تاکە و بێکۆتاییە بۆ مرۆڤ قابیلی وەسف نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو گەردووندا تەجەلی کردووە، لە لایەک بوون گیان بەرچاو دەکەوێت کە بێکۆتایی و ئەبەدەی و ئەزەلییە و لە لایەکەی تریشەوە، جیهانی کۆتاییدار دەبینرێت کە دروستکراو (حادث)ـە و شیاوی لەناوچوونە (صالح حسن زادە، ١٣٨٨: ص١٠٠).

مەحوی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە مەعشووقی خۆیمان پێدەناسێنێت و پێماندەڵێت کە مەعشووقی ئەو هەڵگری سیفەتەکانی مەعشووقی ناو عەشقێکی عیرفانییە. ناوبراو لە یەک شوێندا و بەسەر یەوەکەوە وێنەیەکی

مەعشووقی خۆی ناخاتەڕوو کە سەرلەبەری سیفەتەکانی تێدا بەرجەستە ببن و بۆ ئاشنابوون بەو سیفەتانە دەبێت لە میانەی چەندین دێڕە شیعری گۆشەگۆشەی دیوانەکەیەوە بەرچاویان بخەین. مەعشووقی مەحوی لەسەر بنەمای ئەوە وەسفکراوە، کە خۆی پێماندەدات مرۆڤ نییە و دەڵێت:

وتم: گەر حاڵی "مەحوی" تێ بگەی ڕەم بەم حەدە ناکەی

وتی: ئەو تێ نەگیوە، من پەریم و ئەو بەنیی ئادەم

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٢٨)

مرۆڤ بوونەوەرێکی ناو کاتە، واتە بوونی پەیوەستە بە کاتەوە و کاتییە، بەڵام پەری لە ڕووی بوونەوە جیاوازە لە مرۆڤ و سروشتێکی مێتافیزیکی هەیە و مەحوی وەکو ئاماژەیەک بۆ بەستنەوەی مەعشووق بە ڕەهەندێکی ئاسمانییەوە بەکاریهێناوە، جیا لەمە ناوبراو ئەفراندنی هەر دوو دونیاش دەبەستێتەوە بە زار و لێوی ئەو مەعشووقەوە. پەیوەستبوونی بوونی بوونەوەران بە کات و شوێنەوە لە سیفەتی بێکۆتاییبوون دایاندەبڕێت و لێرەدا مەحوی لە ڕێگەی باسکردنی ئەفراندنی هەر دوو دونیا لە زار و لێوی یارەوە، پێگەیەکی سەروو کات و شوێنی پێدەبەخشێت و دەڵێت:

قسەی مایەی خرۆشی "نشاتین"ە

دوو عالەم نەشئە جۆشا، لەبیە مەنشەء (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٤٠)

ئەم بوونە ئاسمانییە لە سەرووی بوونی فیزیکییەوەیە، بەواتایەکی تر مێتافیزیکییە و لەسەر ئەم بنەمایە بینینی بە چاو کە ئامرازی بینینی

جیهانی فیزیکییە، شتێکی مەحاڵە و خوازیاری چاوپێکەوتنی دەبێت توانای تێپەڕاندنی ئەم بەربەستەی هەبێت و دەستی بە جیهانی میتافیزیک بگات و مەحوی بۆ بینینی مەعشووق، تێپەڕاندنی جەستە وەکو بوونێکی پەیوەست بە ڕەهەندی فیزیکی دەکاتە پێشمەرج و جیا لەمە لیقای یار بە خەیاڵێکی پووچ دەزانێت و دەڵێت:

چ خەیاڵێکە لیقا بێ بەفەنا چوونی جەسەد

"تا پریشان نشود کار بە سامان نرسد" (مەحوی، ٢٠٠٣: ل١١١)

مەعشووق سەر بە دونیای بێکۆتاییە چونکە بە بەراوردی جیهانی فیزیکی کە بەرهەستە و بە هەبوو هەژمار دەکرێت، سەر بە جیهانی باڵا و میتافیزیکە، کە نابەرهەستە و لە نەبوو یان عەدەم دەچێت و ئەم عەدەمەیش بێکۆتاییە و هەر بوونێکیش سەر بەو عەدەمە بێت تەنیا بۆ کەسێک لواوە بە دیداری بگات ئەویش بەرەو عەدەم هەنگاو بنێت بۆیە مەحوی دەڵێت:

بێ چوونە عەدەم، پەی بە سۆراغی دەمی نابەی

فایز ببە لەم گەوهەرە لەو بەحرە بە ڕۆچوون

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٤٤)

ئەگەرنا گەیشتن بە دیداری بێکۆتایی مەحاڵە بۆ مرۆڤێکی پابەندی جیهانی کۆتایی و لە کاتی سووربوونیشی بۆ ئەم مەبەستە مەحاڵە، تەنیا و تەنیا ڕێگەی خەون و خەیاڵی لە بەردەمدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە وەکو تاکە هیوا، مەحوی ئەم ڕازە لە زاری خودی لەیلاوە کە لێرەدا دەرکەوتەی ئەو مەعشووقە ئاسمانییەیە بۆ ئێمە دەخاتەڕوو و دەڵێت:

شەوێ لەیلا بە مەجنوونی وەها وادەی تەماشا دا

دەبێ ڕۆژێ ببینی من کە تۆ ڕێ خەیتە دەشتی خەو

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٦١)

مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەردەوام چیرۆکی گەیشتن بە سەرجەمێتی بۆ مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە و هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە مرۆڤ بگەیەنێتە سەرجەمێتیی ئاگایی و هۆشیاری. بیری فەلسەفی دەیەوێت تەواوی جیهان و واقیعیەت لە ئاگایی مرۆڤدا جێبکاتەوە و ڕێگە نەدات هیچ شتێک لە دەرەوەی سنوور و دەسەڵاتی هۆشی مرۆڤدا بمێنێتەوە و بەمەش مرۆڤ لە ڕێگەی هۆشی خۆیەوە دەسەڵات و سەروەریی خۆی بەسەر هەموو بووندا بچەسپێنێت و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ هۆشی خۆی دەستی بە شتەکان بگات، بەڵام لڤیناس لە کتێبی "سەرجەمێتی و بێکۆتایی"دا پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەو لە بەرانبەر ئەم سەرجەمێتیخوازیەدا بیر لە بابەتی بێکۆتایی دەکاتەوە و ئەم چەمکە وەکو شوێنگرەوەیەک لە بەرانبەر سەرجەمێتیدا بەکاردەهێنێت (مهدی بنایی جهرمی، ١٣٩٣: ص٢٣).

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەویتری لڤیناس کە بۆ خۆی لە چەندین شوێندا جەختی لەسەر دەکاتەوە بریتییە لە بابەتی بێکۆتاییبوون. لڤیناس بێکۆتایی وەکو سیفەتێک بۆ ئەویتر بەکاردەهێنێت و ئەم چەمکەش لە دیکارتەوە وەردەگرێت بەڵام واتایەکی نوێی پێدەبەخشێت. دیکارت دەڵێت مەبەستی من "خودا" جەوهەرێکی بێکۆتاییە کە هەمیشەیی و نەگۆڕ و خۆبونیاد و دانای ڕەها و توانای ڕەهایە کە خودی من و هەموو شتەکانی تری هێناوەتە بوون. لە بەر ئەوەی من خۆشم جەوهەرم بۆیە چەمکی جەوهەر لە منیشدا بوونی هەیە، بەڵام من

لەبەرئەوەی بۆ خۆم هەبوویێکی فانی و کۆتاییدارم بۆیە ناتوانم چەمکێکم لە جەوهەری بێکۆتایی تێدا هەبێت تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە خودی ئەو جەوهەرە بێکۆتاییە ئەم کارەی کرد بێت (محمد اصغری، ١٣٩١: ص٢٧). لەسەر بنەمای ئەو وەسفەی کە لڤیناس لە دیکارتەوە بۆ ئەویتر وەریدەگرێت، ئەویتر وەکو بوونێکی خودائاسا بەدیاردەکەوێت و سیفەتی جەوهەرێکی بێکۆتایی و نەگۆڕ و خۆبونیاد و دانا و توانای ڕەها وەردەگرێت و من وەکو بوونێکی فانی توانای دروستکردنی ئەو وەکو جەوهەرێکی بێکۆتاییم لە هۆشی خۆمدا نییە و ئەوە ئەوە کە خۆی لەناو من و هۆشی مندا جیدەکاتەوە و بۆیە "لڤیناس لە پێگەی بێکۆتاییدا ئەویتر دەکاتە شوێگرەوەی خودا و پەیوەندیی خود لەگەڵ وێنای بێکۆتایی دەکاتە سەرمەشق بۆ پەیوەندیی نێوان خود لەگەڵ ئەویتر" (صافیان و کاویانی تبریز، ١٣٩٣: ص٢٢).

به بڕوای لڤیناس فەلسەفە لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە ڕێگەی گەیشتن بە گشتێتی و سەجەمێتیی ئاگایی و هۆشیاریەوە سەبارەت بە بابەتەکان بە حەقیقەت بگات، واتە لەناو سەرجەمێتی و گشتێتیدا بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت و لە ڕاستیدا سەرجەمێتی بە حەقیقەت دەبینێت، بەڵام ئەو حەقیقەت لە بێکۆتاییدا جیادەکاتەوە و ڕای وایە کە حەقیقەت لە سەرجەمێتیدا جێی نابێتەوە و لەو بالاترە بۆیە دەبێت لەناو ئاکاردا بەدوایدابگەڕێین (مهدی بنایی جهرمی، ١٣٩٣: ص٢٣) و لە پانتایی ئاکاردا و لە ڕێگەی کایەی نێوان خود و ئەویتر و هەوڵی خود بۆ گەیشتن بە ئەویتر کە پەیوەستە بە بێکۆتاییەوە خود بە پێگەی باڵا دەگات.

کەواتە مەعشووقی مەحوی و ئەویتری لڤیناس هەردووک خاوەنی سیفەتی بێکۆتایین و دەکرێت ئەمە وەکو خاڵێکی سەرەکیی لێکچوونی نێوانیان تەماشابکرێت و لە بەرانبەریشدا عاشق و خود دوو بوونی فانی

و پەیوەست بە کاتن و وەکو پێگە هەردووکیان چاوی چاوەڕوانییان بڕیوەتە بوونی باڵا و بێکۆتایی.

### ٤.٥. ڕوخساری مەعشووق و ئەویتر

ڕوخسار بواری دەرکەوتن و بەرچاو کەوتنی کەسی بەرانبەرە. مرۆڤ لە ڕێگەی ڕوخسار و دیوی دەرەوەی کەسانی بەرانبەریەوە یەکەمین هەنگاوەکانی بەریەککەوتن و هەست گۆڕینەوەی لەلا دروست دەبێت و لەسەر هەموو ئەمانەشەوە هەستی ئەوین و خۆشەویستی. عاشق، عاشقی جوانیی مەعشووقە.

مەحوی لە شیعرەکانیدا (هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا) باس لە مەعشووقێکی باڵای خاوەن بوونی میتافیزیکی و بێکۆتایی دەکات. پەیوەندیی ئەم مەعشووقە لەگەڵ عاشق پەیوەندییەکی عاشقانەیە بۆیە باسکردن لەم عەشقە و دەبڕینی هەستی ئەم عەشقە بەبێ بوون و باسکردنی ڕووی مەعشووقە کارێکی مەحاڵە بۆیە مەحویش لە ڕێگەی ڕووی یارەوە ڕازی پەیوەندی و هەستی خۆشەویستیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە نەک هەر لە شیعرەکانی مەحویدا بەڵکو لە کۆی ئەدەبی عیرفانیدا ئەم مەعشووقە ئاسمانییە لە شێوەی خانمێکی خاوەن جوانیی بێوێنە و ڕەها دەناسێندرێت و وێنەکەی دەخرێتەڕوو و هەر یەک لە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕوخسارەکەشی لێکدانەوەیەکی سیمبولی و هێرمۆنۆتیکی بۆ دەکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بڵێین عاشق لە ڕێگەی ڕوخسارەوە پەیوەندی دروست دەکات و بەبێ ڕوخسار و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕوخسار کێشە بۆ پەیوەندییە ئەویندارییەکە دروست دەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕوخسار مەرجی سەرەکییە لە بەدیهاتنی عەشقدا.

مەحوی لە ڕێگەی ڕوخساری مەعشووقەوە وێنەی عەشقەکەی و ئاستی هەستی عاشقانەی خۆی و بە گشتی چیەتی و چەندێتی و چۆنیەتی ئەم عەشــقە دەخــاتەڕوو. ئامــانج لە بــوون پەیوەســتە بە عەشــقەوە و عەشقیش پەیوەستە بە جوانییەوە و جوانیش پەیوەستە بە دەرکەوتە و ڕوخساری مەعشووقەوە، و دەڵێت:

عشق التجا ببار گە حسن برد ....(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٤٨٤)

واتە عەشــق ڕوو لە جــوانییە بەڵام جــوانی دەرکەوتەیە و دەبێـت لە دەرکەوتنێکدا بەرجەستە ببێت کە ئەویش لێرەدا ڕوخساری مەعشووقە کە مەحوی بە پەری شێوە ناوی دەبات:

مەحــوی ئەمشــەو ئەو پەری شــێوەی لە خەو دیبــێ دەبێ(مەحــوی، ٢٠٠٣: ل٢٩)

ناوبراو بڕواداری دەبەستێتەوە بە بینینی جوانیی ئەم مەعشووقەوە واتە ئامانجی بوون و خۆشبەختیی بوونی خۆی لەو بینینەدا دەبینێتەوە و بە پێچەوانەشــەوە نەبینــین بە بێبڕوایــی دەزانێــت و ئەمەش ئەو پەڕی گرنگیی ڕوخساری یار وەکو سیمبولێک لە دنیابینی شاعیردا ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

دیتنم ئیمانە خۆ، کوفرە نەگەینم بە تۆ

قوڕ بەسەرم، دینە: چوو، کافرییە: بوو ئەوا(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٣٧)

دەکرێت لە وەسفی جوانیی ڕوخساری مەعشووق لە لای مەحویەوە، دەرکەوتەی ڕوخســار لە شیعرەکانیدا دابەشــی ســەر دوو جــۆر بکەیــن، جۆرێکیــان لە ڕوخســاری مەعشــووقێکی مرۆیــی و زەمینــی دەچێـت کە

جوانییەکەی پەیوەستە بە چاو و لێو و خاڵ و زوڵف و هتد و ناوبراو خۆشەویستیی خۆی بۆ مەعشووق دەبەستێتەوە بە هەریەک لەو بەشە پێکهێنەرانەی ڕوخساری ئەوەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە چاو و برژانگی دەڵێت:

کوشتەی ئەو چاوەم لە جەمعی کوشتەگان

خەنجەری موژگانی، من (منها) دەکا (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٣)

هەروەها سەبارەت بە خەت و لێوی مەعشووق دەڵێت:

خەندەی لەب و عەبیری خەطی تۆ بو وەک مناڵ

تۆوی تکا کە غونچە، وەنەوشە ملی شکا (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٢٠)

یان سەبارەت بە زوڵفی مەعشووقی دەڵێت:

بۆ لە باسی زوڵفیا "مەحوی" نەبێتە مووشکاف

رووح و دڵیە (مدة العمر)ی ئەسیری موو بە مووت

(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٨٠)

جۆری دووەمی ئەو ڕوخسارەی مەحوی باسی لێوە دەکات، ڕوخسارێکە کە خاوەن سیفەت و سروشتیکی ئاسمانی و سەروو سروشتییە و لە ڕێگەی ئەو وەسفانەی کە بۆی کردووە جۆرێک لە پلە باڵایی و ڕەهایی و بێکۆتاییبوونی پێبەخشیوە واتە دیسانەوە لە دەرگای ڕوخسارەوە ڕووبەڕووی مەعشووق دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە ڕوخسارێکی سەروو سروشتی. سەرەتا مەحوی پێمان دەڵێت مەعشووق

خاوەن جوانییەکی بێوێنە و بێ هاوشێوەیە و بە جۆرێکە کە بۆ خۆی بەو زمانە شیعرییە مێتافۆرییەی کە لەبەردەستیدایە، هەست بە دەستەوەستان و بێتوانایی دەکات لە ئاست وەسفکردنی ئەو جوانییەدا:

لاڵە خۆ "مەحوی" لە وەصفی حوسنی بێچوونی نیگار(مەحوی، ٢٠٠٣: ل١٧٦)

لە هەمان کاتدا ئەم سیفەتە سەروو سروشتییە دەخاتە پاڵ بەشە پێکهێنەرەکانی ڕوخساری مەعشووق و بەپێی سروشتی ئەندام و بەشە پێکهێنەرەکان وەسفێکیان دەکات، بۆ نموونە باس لە لێو وەکو بەشێک لە ڕوخسار دەکات و دەڵێت:

ون بوە لەو ڕۆژەوە لێوی حەیات ئەفزاتی دیی

وا دەبێ شەرم و حەیا، ئەی ئافەرین، ئاوی حەیات(مەحوی، ٢٠٠٣: ل٥٦)

لە لای مەحوی دەم سەرچاوەی ئاوی حەیاتە بەڵام ئەو دەمەی کە ئەو مەبەستیەتی دەمێکی نائاساییە و ون و نادیارە و وێڕای ئەم ون و نادیارییەی پڕ لە قسەی ژیان بەخشە و لەم بارەیەوە دەڵێت:

دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار

دنیایەک ئاوی زیندەگیی و دەرخرێ لە هیچ (مەحوی، ٢٠٠٣: ل٩٩)

چاوی مەعشووق تەنیا مایەی چێژ و مەستیی عاشق نییە، بەڵکو ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی یەک نیگایەوە پەڕیوەتەوە بۆ هەموو "عالەم" و هەمووانی مەست و شەیدای خۆی کردووە و دەڵێت:

بنازم بەو پیاڵەی چاوی مەستە،

بە یەک پرشنگی عالەم سەربەسەر مەست(مەحوی، ۲۰۰۳: ل۷۳)

خاڵ بەشێکی ترە لە پێکهاتەی ڕوخساری مەعشووقی مەحوی، بەڵام ئەم خاڵە سیفەتی سەروو سروشتی پێبەخشراوە چونکە سەرباری جێگیری و نەگۆڕیی دەرکەوتەی خاڵ، ئەم خاڵە تەنیا یەک جار بۆ شەیداکردنی دڵی عاشق بە دیار کەوتووە و ئەم کردەیە دووبارە نابێتەوە و دەڵێت:

وتم: ئەو خاڵە چ بوو هەر کەڕەتێکت دەرخست

وتی: داغێ بوو بە جەرگ و دڵی "مەحوی"ما نا

(مەحوی، ۲۰۰۳: ل۳۵)

بە شێوەیەکی گشتی مەحوی عاشقی ڕووی مەعشووقە و ئارەزوومەندی گەیشتنە بە دیداری ئەو ڕوخسارە، بەڵام لە بنەڕەتدا عاشقی ڕوخسارێکی نادیار بووە، واتە وێڕای هەبوونی، لە دنیای بەرهەستدا بەدیناکرێت. بە واتایەکی تر، ئەم ئەو دونیایی نییە و ناوبراو ناچارە بۆ پێگەیشتنی چاوەڕوانی بەڵێنی یار بکات کە بەو ئاواتەی دڵی بگات و بەو ئومێدەوە هەتا ڕۆژی دوایی لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە و لە زمانی یارەوە دەڵێت:

دەیوت: قیامەت ئەڵبەتە ڕوومت نیشان ئەدەم(مەحوی، ۲۰۰۳: ل۸٤)

بەم پێیە دەبینین مەحوی لە عەشقەکەی خۆیدا ڕوخساری مەعشووق دەکاتە خاڵی بەریەککەوتنی خۆی و ئەو و لە ڕێگەی وەسفی ئەم ڕوخسارەوە هەم وێنەیەکی جوانیی مەعشووقمان بۆ دەخاتەڕوو، لە

هەمان کاتیشدا هەستی ئەویندارییی خۆی دەردەبڕێت. لە بەرانبەردا یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفی لڤیناس بریتییە لە "ڕوخسار" و لە لای ناوبراو ڕوخسار گرنگی و پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە لە پرۆسەی بیری فەلسەفیی ئەودا و لە ڕاستیدا ڕوخسار "یەکێکە لە ناسراوترین و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزترین زاراوەی لڤیناس بۆ وەسفی ئەویتر، چونکە ڕوخساریش وەکو زۆرێکی تر لەو زاراوانەی کە بەکاریهێناوە، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە وەریگرتووە بەڵام دەلالەتێکی فەلسەفیی پێبەخشیوە و بەمەش لە واتای ئاسایی خۆی جیایکردووەتەوە" (مسعود علیا، ١٣٩٥: ص١٢٢).

لە لای لڤیناس ڕوخسار یەکەمین خاڵی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەویتردا و لە هەمان کاتدا پانتایی وەبیرهاتنەوە و ناسینەوەی مرۆڤە بۆ مرۆڤی تر وەکو مرۆڤ نەک ناسینەوەی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤەکان سەبارەت بە کەسانی دەوروبەریان، لێرەوە ئەرکی ئاکاریی مرۆڤ دەستپێدەکات و خود جۆرێکە لە پابەندیی ئاکاریی لە ڕووی ئەویتردا، چونکە مرۆڤ ناکرێت بەرانبەر بە بوون و ژیانی بوونەوەرێکی زیندوی وەکو مرۆڤ نابەرپرسانە مامەڵە بکات و لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئاخاوتنەکانیدا ڕەچاوی بوونی ئەو نەکات. ڕوخسار بوونێکی بێگیان نییە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بتوانین بێباکانە هەڵسوکەوت بکەین، بەڵکو بوونێکی زیندووە و بە چاولێکردنی بارێک لە بەرپرسیاری دەخاتە سەرشانی مرۆڤ و ئەمە سەبارەت بە ڕوخساری گیاندارانیش هەر دروستە (ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠٠٦: ل٢٧_٢٨).

لڤیناس ڕوخسار دەبەستێتەوە بە چەمکی بێکۆتاییەوە و لە فۆرمە تاکەکەسییەکەی دووری دەخاتەوە و دەڵێت کاتێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕوخساردا چاومان دەکەوێتە سەر پێکهاتەکانی

ڕوخسارێک وەکو چاو و ناوچاوان و لوت و دەم و چەناکە و دەتوانین ئەم ڕوخسارە وەسف بکەین، لەم کاتەدا ڕوانینمان بۆ ئەویتر وەکو شتێکی دەرەکی دەبێت، و باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەویتر لە ڕێگە ڕوخسارەوە ئەوەیە کە تەنانەت هەست بە ڕەنگی چاوەکانیشی نەکەین، بەڵکو ڕوخسار وەکو دەرکەوتەیەکی بیری بێکۆتایی کە لە ناخی مندا هەیە، دەناسێنێت (مهدی مرادی، ١٣٩١: ص٧٣_٧٤). لەبەرئەوەی ڕوخسار پەیوەستە بە بێکۆتاییەوە ئیدی دەبێتە ئەو پەنجەرەیەی کە من دەبەستێتەوە بە بێکۆتاییەوە و بەرپرسیارێتییەکی بێکۆتاییشم بەرانبەر بە ئەو دێنێتەوە یاد.

هەروەها ڕای وایە لە بەرانبەر ڕوخساری ئەویتردا دوو هەستی دژبەیەک لە لای من دروست دەبن؛ یەکەم هەستی توندوتیژی، کە خۆی لە کوشتنی ئەویتردا دەبینێتەوە و دووەم هەستی چاکە کە خۆی لە بەرپرسیارێتی سەبارەت بە ئەویتر نیشاندەدات. لەم کاتەدا ڕوخساری ئەویتر بیری بێکۆتایی بە یادی مندا دێنێتەوە و لێرەشەوە ئەو یاسایە لە ناخمدا زیندوو دەکاتەوە کە من ئەویتر ناکوژم و بەم جۆرە بیری بێکۆتایی لە ڕێگەی ڕوخساری ئەویترەوە من بەرەو بەرزبوونەوە و باڵاخوازی دەبات (رامین جهانبگلو، ١٣٩٤: ص٣٦) و لەم کاتەدا ئەویتر لە ڕێگەی ڕوخسارەوە من دەخاتە ناو کایەیەکی ئاکارییەوە، کە سەرچاوەکەی بێکۆتاییە و بە پابەندبوون پێیەوە منیش بەرەو ئاراستەی بێکۆتایی ڕادەکێشێت.

لە کۆتاییدا دەبینین کە مەحوی و لڤیناس لە پانتایی ڕوخسارەوە دەکەونە پەیوەندی لەگەڵ مەعشووق و ئەویتر و ڕوخسار بە دەروازەی ئەم پەیوەندییە دەبینن، بەڵام ڕوخسار لە فۆڕمە تاکەکەسی و فیزیکییەکەیدا بچووک ناکەنەوە بەڵکو دەیبەستنەوە بە مێتافیزیک و

بێکۆتـاییەوە و لەگەڵ پێبەخشـینی ئەم سـیفەتەش مـن لەگەڵ هەنگاونـانی بەرەو مەعشـووق و ئەویتـر لە ڕێـگەی ئەم ڕوخسـارەوە بەرەو بێکۆتـایی هەنگاو دەنێت.

**٥. ئەنجامەکان**

- مەعشـــووق و ئەویتـــر لە لای مەحـــوی و لڤینـــاس دوو بـــوونی دەرەکین و لە وێنەیەکی هۆشـەکیی نـاو هۆشـی مـن یـان بکەری ناسـین و مەعـــریفەدا کۆنـــابنەوە و بەردەوام بەرگـــری لە ســـەربەخۆیی دەرەکیـــی خۆیان دەکەن و من ناچـار دەکەن لە دەرەوەی خـۆی بە دوایانـدا بگەڕێت و هەوڵـی ناسـینیان بـدات، بە واتـایەکی تـر تەنیـا خـاوەن بوونی هۆشـەکی نین.

- لەو کایە دوو سەرەیەی کە لە نێوان من و مەعشـووقی مەحـوی و ئەویتـری لڤیناسـدا هەیە بەردەوام پـێگەی لەپێشـتری وەبەر مەعشـووق و ئەیتر دەکەوێت و مـن پـێگە یەکەمەکەی لەدەسـتدەدات و دەبێـتە بـوونێکی پەیوەسـت بە ئەویتـرەوە و ئەمەش خـاڵێکی بەهێـزی لێکچـوونی نێـوان جیهانبینیی هەردوو ناوبراوە.

- مەعشـــووقی مەحـــوی و ئەویتـــری لڤینـــاس هەردووک خـــاوەنی سـیفەتی بێکۆتـایین و دەکرێـت ئەمە وەکـو خـاڵێکی سـەرەکیی لێکچـوونی نێوانیان تەماشا بکرێت و لە بەرانبەریشدا عاشق و خود دوو بوونی فـانی و پەیوەسـت بە کـاتن و وەکـو پـێگە هەردووکیـان چـاوی چاوەڕوانییـان بڕیوەتە بوونی باڵا و بێکۆتایی.

- مەحوی و لڤیناس لە پانتایی ڕوخسارەوە دەکەونە پەیوەندی لەگەڵ مەعشـووق و ئەویتـر و ڕوخسـار بە دەروازەی ئەم پەیوەنـدییە دەبیـنن بەڵام ڕوخسـار لە فۆڕمە تاکەکەسـی و فیزیکییەکەیدا بچـووک نـاکەنەوە بەڵکو دەیبەسـتنەوە بە میتافیزیک و بێکۆتـاییەوە و لەگەڵ پێبەخشـینی ئەم سـیفەتەش مـن لەگەڵ هەنگاونـانی بەرەو مەعشـووق و ئەویتـر لە ڕێگەی ئەم ڕوخسارەوە بەرەو بێکۆتایی هەنگاو دەنێت.

**٦.سەرچاوەکان**


- ئیبراهیم ئەحمەد شوان(٢٠٠١)، سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- ئیبراهیم ئەحمەد شوان(٢٠١٠)، مەحوینامە، چاپخانەی منارە، چاپی دووەم، هەولێر.

- حسین فتح زاده(١٣٩٠)، تقابل من_دیگری: معضل اخلاق، نشریه پژوهشهای فلسفی دانشگاه تبریز، سال پنجم، شماره٩.

- رامین جهانبگلو(١٣٩٤)، گفت و گو با امانوئل لویناس، نشریه خر مگس، دفتر پنجم.

- ڕێبوار سیوەیلی(٢٠٠٦)، نوسین و بەرپرسیاری، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.

- سید حمید طالب زاده(١٣٨٥)، متناهی و نامتناهی، فصلنامه فلسفه، دوره٣٤، شماره١.

- سیروان جەبار ئەمین_زەند(٢٠٠١)، مەعریفە و حەقیقەت لەنێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی مەحویدا، دکتۆرانامە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر.

- صافیان و کاویانی تبریز(١٣٩٣)، لویناس فیلسوف دیگری، فصلنامه پژوهشهای علوم انسانی نقش جهان، دوره جید، سال اول، شماره١.

- صالح حسن زاده(۱۳۸۸)، فهم و برداشت مولانا از خدا و جهان و انسان، فصلنامه علمی پژوهشی آینه معرفت، سال هفتم، شماره۱۸.

- عبدالکریم سروش(۱۳۷۸)، اصناف دین ورزی، مجله کیان، شماره۵۰.

- محمد اصغری(۱۳۸۸)، رابطه اخلاق و الاهیات در فلسفه امانوئل لویناس، فصلنامه تاملات فلسفی، سال اول، شماره٤.

- مریم رامینا و حسینعلی قبادی(۱۳۹۲)، مفهوم دیگری و دیگربودگی در انسانشناسی باختین و انسانشناسی حافظ، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال۱۰، شماره٤۰.

- مسعود علیا(۱۳۹٥)، کشف دیگری همرا با لویناس، نشر نی، چاپ دوم، تهران.

-م هدی بنایی جهرمی(۱۳۹۳)، لویناس و سوبژکتیویته اخلاقی، فصلنامه غرب شناسی بنیادی، سال پنجم، شماره۲.

- مهدی مرادی(۱۳۹۱)، مفهوم "دیگری" در فلسفه ایمانوئل لویناس، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تبریز، دانشکده ادبیات فارسی و زبانهای خارجی_گروه فلسفه.

- مەلاعەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم(۲۰۰۳)، دیوانی مەحوی، ئینتیشاراتی کوردستان، چاپی یەکەم، سنە.

**ملخص:**

العرفان هو رؤية العشقية للعالم و في قلب هذه الرؤية المعشوق، بمعنى ان المعشوق هو المركز. من هذا المنطلق جميع افعال و تحركات الوجود و الكون عبارة من نوع العشق و محاولة جدية و دائمة للوصول إلى المعشوق. وفي المقابل المعشوق هو حقيقة المطلقة و تعطي الوجود و القيم لكل الوجود. يحاول محوي ان يعرف نفسه كشاعر عارف خلال اشعاره، و للعشق و العاشق و المعشوق في أشعاره طبيعة عرفانية بشكل عام.

أحد المفاهيم الأساسية في فلسفة إيمانويل ليفانس هو (الآخر) وبمعنى آخر (الآخر) هو المركز، لفيناس يربط الوجود الاخلاقى ل"انا" بوجود "الاخر" و في الوقت نفسه هذا المفهوم (الآخر) له مميزات المعشوق في عالم العرفان في جوانب متعددة. في هذا البحث سنسلط الضوء على وجه الشبه بين هذين المفهومين "المعشوق" و " الآخر" وفق رؤية محوي وليفانس بشكل مقارن.

**الكلمات المفتاحية:** المركزية، المعشوق، الآخر، محوي و ليفانس

**Abstract:**

Theosophy is a passion world, and beloved is the center. To the existence perspective, the main mission is passionately and there is endless effort to get the beloved who is the pure truth and grant existence and value to everything. Mahwi, through his poems, introduce himself as a sophy and the concepts of; passion, lover and beloved have a sophic nature in his poems.

One of the main philosophical concepts of Emmanuel Levinas is “the Other”, in other words, “the Other” is the center, it means the existence of “I” depends of his/her existence and at the same time this concept in many areas has many specifications of theosophical world. The current study, in a comparative way, compares these two concepts in worldview of Mahwi and Levinas.

**Keywords:** Centralization, beloved, the Other, Mahwi, Levinas